# یادی هیجرەتی پێغەمبەر نوێبوونەوەی بەیعەتو بەندایەتی موسڵمانان بۆ پەروەردگار

www.zanayan.org

پەیام

الرسالة

پەیام کۆن نابێت

ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری ئایینیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەکات

ژمارە (٦٤) یەك شەممە ٢٩ی ذي الحجة/ ١٤٣١ ٩ی سەرماوەزی ٢٧١٠ ٢٠١٠/١٢/٥

## لە هەنگاوێکی نوێدا ڕادیۆی (ژیان)

## دەنگی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کەوتە کار

لەزنجیرە کارو هەوڵەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەمەبەستی پتر گەیاندنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام، وەك کارێکی سەرەتایی لەهەولێر ڕادیۆی زانایانی کردەوە.

شێخ ئاوات نەقشبەندی بەڕێوەبەری ڕادیۆی زانایان بە (پەیام)ی ڕاگەیاند: ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٢٥) پەخشی ئەزموونی ڕادیۆکەمان دەستی پێکردووە لەسەر شەپۆلی ئیف ئێم (٩٤,٥٠) هەوڵ دەدەین بە زووترین کات پەخشی سەرەکیمان دەست پێ بکات، ڕادیۆی زانایانیش بەناوی ڕادیۆی (ژیان)ە بەو هیوایەی بەختەوەری بخاتە ژیانی پیاوو ئافرەتو گەنجو منداڵانی کوردستان.

بڕیاریش وایە ڕادیۆی (ژیان) دەنگی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەبۆنەی سەری ساڵی کۆچیەوە لە ١ی مانگی موحەرەم دەست بە بەرنامەکانی خۆی بکاتو خزمەتی خۆی پێشکەش بە خەڵکی کوردستانو زانایانی ئایینی بکات.

هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: هیوادارین بیسەران بەبیرۆکەو ڕاو سەرنجەکانیان دەوڵەمەندمان بکەن بۆ ئەوەی شتێکی جوان پێشکەش بکەین، لەداهاتووشدا بیکەینە ڕادیۆیەکی سەرتاسەری کوردستان.



مەلا یونس باویانی:

## لیژنەی فەتوا ئەکتیڤ کردنی گەرەکە

ل٥......

## لە ڕاپۆرتی ساڵانەی توندو تیژی بەرامبەر ئافرەتان ڕۆڵی زانایان بەرز دەنرخێندرێت

ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٥ بە بەشداری سەرۆکی زانایانو شاندێکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان ڕاپۆرتی ساڵانەی هەڵسەنگاندنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لەهۆڵی ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین خوێندرایەوە، کە تێیدا چەندان بەرپرسی حزبیو حکومیو چالاکوانی مافەکانی مرۆڤو ئافرەتان ئامادەی بوون، ڕاپۆرتەکە بەناونیشانی (توندوتیژیو کوشتن لەسەر بنەمای شەرەف لەکوردستانی عێراقو ناو کومینیتی کورد لەشانشینی یەکگرتوودا) لە ئامادەکردنی (سەنتەری جێندەرو لێکۆڵینەوەی توندوتیژی، زانکۆی بریستل لەشانشینی یەکگرتوو (ئینگلتەرا)، زانکۆی ڕۆهامپتن لەشانشینی یەکگرتوو، ڕێکخراوی چاودێری مافی ژنی کورد) سازکرا بوو.

لەڕاپۆرتەکەدا بە گرنگیەوە ڕۆڵی زانایانی ئایینی هەڵسەنگێندرا لەکەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتانو، وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەکوشتنی ئافرەت لەژێر ناوی شەرەف، هەروەها ڕاپۆرتەکە داوادەکات زانایانی ئایینی پتر بەکار بن بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان، ئەویش بەوەی خەڵکی وشیار بکەنەوە لەوەی تەفسیری هەڵە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەکرێتەوە، کە ئەمەش گوزارشتە لەوەی ئاین ڕێگە بەو کارانە نادات، بەڵکو ئەوە مرۆڤەکانن تەفسیری هەڵەی بۆ دەکەن.

ڕاپۆرتەکە هەرچەندە جێگەی هەندێك تێبینیو سەرنجو ڕوونکردنەوە بوو، بەڵام بەگشتی ئەو بەشەی تایبەت بە ئایینو زانایان بوو باشتر بوو لەو ڕاپۆرتانەی ساڵانی دیکە پێشکەش دەکرانو، تا حەدێکی زۆر بێ ئینسافیان تێدا بوو.

لەلای خۆیەوە یەکێتی زانایان هەمیشە لایەنێکی کارا دەبێت بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەپێدانی مافەکانی ئافرەتانو سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگا.

کە دیارە زانایان هەمیشە جەغت لەسەر مافەکانی ئافرەتانو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەنەوە، هەمیشە مینبەری مزگەوتەکان مایەی دروستکردنی خۆشەویستیو پێکەوەژیانو ڕێزگرتنی ئافرەتانو پیاوان لە یەکتر بووە.

## د.عەلی خەتیب سەرسامین بە هەنگاوەکانی زانایانی ئایینی لە کوردستان



دوای بەشداری کردنی لەکۆنگرەی پێکەوە ژیان لەشاری هەولێر گەورە زانای شیعە د.عەلی خەتیب سەردانی یەکێتی زانایانی کردو لەدانیشتنێکدا چەندین پرس تاوتوێ کران.

جێگری سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعە بەڕێز د.عەلی خەتیب ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١ لەسەردانێکی تایبەتی بۆ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی لەگەڵ سەرۆكو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی کۆبووەوە.

لەدانیشتنێکدا هەردوولا جەختیان لەپەیوەندیو هەبوونی هاوکاری دوولایەنەو کار کردن لەپێناو پێکەوە ژیانی مەزهەبیو ئایینی کردەوە، لەلایەن خۆشیەوە سەرۆکی یەکێتی زانایان بەڕێز مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین، پێی ڕاگەیاند: وەك هەمیشە زانایانی کوردو یەکێتی زانایان دەستی برایەتیو هاوکاریو گیانی پێکەوە ژیانی مەزهەبی درێژە، هەبوونی پەیوەندی دوو لایەنەو بەردەوامیشی بە پێویست دانا.

سەرەڕای تاوتوێ کردنی چەندین پرسی دیکە، جێگری سەرۆکی وەقفی شیعە لە دیمانەیەکی تایبەت بۆ پەیام چەند پرسو بابەتێکی شرۆڤە کرد، دەقی چاوپێکەوتنەکە لەژمارەی داهاتوو بخوێنەوە.

## مەسیحییەکان ستایشی ڕۆڵی وتاربێژانی کوردستان دەکەن




بەمەبەستی تاوتوێ کردنی چەند پرسێك پەیوەست بە هەردوولا، مەکتەبی تەنفیزی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مەسیحیەکانی کرد.

لەسەردانەکەدا سەرۆکی یەکێتی زانایان وێڕای پرسەو سەرەخۆشیو هاوخەمی خۆی بۆ قوربانیانی کارەساتە تیرۆریستییەکەی کلێسای سەیدە نەجات لەبەغدا کردو، بەناوی زانایانی ئایینی کوردستانیش ئیدانەی ئەو کارە تیرۆریستیەو سەرجەم کارە تیرۆریستییەکان کرد، کە بە هەموو شێوەیەك پێچەوانەی پەیامو بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

هەروەها گوتی: ئامانج لەو کارانە تێکدانی ئەمنو ئاسایشی هاولاتییانەو، نانەوەی پشێویو دووبەرەکییە لەوڵاتدا، بۆیە ئەرکی هەمووومانە بەرەنگاری ئەو جۆرە بیرو بۆچوونانە ببینەوە.

لەلایەن خۆیەوە خالید ئەلبێر بەڕێوەبەری کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف، وێڕای بەخێرهێنان سوپاسی ئەو هەڵوێستەی یەکێتی زانایانی کردو، گوتیشی: لەو کارەساتەدا ڕۆڵی زانایانی ئایینی بەتایبەتیش وتاربێژانی کوردستان لەوتاری هەینی ڕابردوودا زۆر بوێرانەو حەکیمانە ئیدانەی ئەو کارە تیرۆریستیەیان کردو، جەغتیان لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی لەهەرێمی کوردستانو جیهاندا کردەوە.

شایانی باسە قەشە بەهنام گەگی شوانی کلێسای سریانی کاسۆلیکی لەعەنکاوا ئامادەی دیدارەکە بوو. کە تێیدا هەڵوێستی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو یەکێتی زانایانی بە گرنگو زۆر ئیجابی وەسف کردو، هەنگاوەکانی یەکێتی زانایانی بە هەنگاوی مەسئولانە دانا.



## ئافرەتانی بێوەژن لەنێوان شووکردنەوەو ڕێگریدا

ل٧......

## بە هیوای سەلامەتی یەکێتی زانایان لەتەندروستی دکتۆر فائیز دەپێچێتەوە



**پەیام:** ماوەیەکە بەڕێز د.فائیز مەلا بەکر ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان کەوتۆتە سەر جێگا بەهۆی نەخۆشی جەڵتەوە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان چەند جارێك سەردانی ناوبراویان کردووەو لەباری تەندروستیان پێچاوەتەوە، سوپاس بۆ خوا ئێستا تەندروستی باشترە، بەڵام وەك پێویست نییە، وێڕای دوعای خێری بەردەوامامان بۆ د.فائیز مەلا بەکر، هیوای زوو چاکبوونەوەو شیفای زوو لەخوای گەورە دەخوازین.

## لەبەرامبەر کەمکردنەوەی مووچەکانیان چەند مامۆستایەکی ئایینی لە کەلار گلەیی لە ئەوقافی سنوورەکە دەکەن

**پەیام:** ماوەیەکە وەزارەتی ئەوقاف لەگشت بەڕێوەبەرایەتییەکان خولی ڕۆشنبیری بۆ مامۆستایانی ئایینی دەکاتەوە، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کەلاریش وەك سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان خولێکی ڕۆشنبیری بۆ مامۆستایانی ئایینی ئەو دەڤەرە کردۆتەوە، چەند مامۆستایەك پەیوەندیان پێوەکراوە بۆ بەشداربوونیان لەم خولە ئەوانیش پرسیاریان کردووە، کە ئایا بە زۆریە یان سەرپشکن لەچوونو نەچوونیان یەکسەر پشکێنەری سنورەکە مۆبایلەکەی لەسەریان داخستوە، ئەوانیش لەبەرچەند کارێکی پێویستی خۆیان نەیانتوانیوە لەم خولە ئامادە بن، وە هەروەها دەڵێن بەڕێوەبەری ئەوقاف زۆر جاران قسەی زۆر ناشیاوو نارێك دەکات ئێمەش ناتوانین وەڵامی بدەینەوە، بۆیە کاتێك کە موچەیان بۆ هاتووە لەموچەکەدا هەریەکەو بڕە پارەیەکیان لێبڕاوە، بۆیە ئەوانیش دەپرسن؟ کە ئایا ئەمە لەڕێی وەزارەتەوەیە یان لەخۆیان ئەم کاریان کردووە، بۆیە گازاندەیی خۆیان گەیاندە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، ئەوانیش بەڵێنیان پێدان کە بەدواداچوونیان بۆ بکەن.